www.kurdistannet.org
29-10-2006 7:54بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

دوا ستون

# بۆ رۆمانەكەی بامۆک چاپ نەكرێت ... شێرزاد هەینی

سوید
Sherzad55@hotmail. com

له بەیانی رۆژی پاش دەستنیشانكردنی نووسەری گەورەی هاوچەرخی توورك (ئورهان باموك) بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلی ئادابی ساڵی 2006 لەلایەن ئەكادیمیەی سویدی بۆ خەڵاتی نۆبل، له بەرنامەی لێكۆلینەوەی هەواڵی كوردسات، رۆژنامەنووس و نووسەر (زریان رۆژهەڵاتی) مێوانی بەرنامەكەبوو، له هەواڵەكەو دەستنیشانكردنی باموك بۆ ئەو خەڵاته دەدوا، دیاره ئەو نووسەره مافخوازو تێكوشەرەی بواری مافی مرۆڤ و داكۆكی له نەتەوەكانی ئەرمن و كورد له شێوەی نووسینی رۆمان سەركەوتنه بۆ بە دەنگهاتن له كۆمەلكۆژییەكانی تورك دەرحەق به نەتەوەی ئەرمن و كورد.
ئەوەی لێره مەبەستمه تیشكێكی خەماوی و تاریك بخەمە سەر ئەو هەواڵەو ئەو دیداره جوانەی كوردسات لەگەڵ زریان رۆژهەڵاتی، ئەویش ئەو نووسەره رۆمانێكی ئەو نووسەرەی كردۆته كوردی، دیاره ئەو رۆمانەش بووه، كه بواری بۆ بامۆك خۆشكردووه خەڵاتەكە وەرگرێت و پشتیوانی پتەوی بۆ بەردەوامی خەباتەكەیەتی و سەری رەقی توورك بهەژێنێنت لەو توندرەوییانه دابەزن و دان به مافی نەتەوەكانی بنێن و رێزی زمان و كەلتووری نەتەوەی كوردیش لەو ولاته بگرن.
ئەو نووسەره ئەو رۆمانەی تەرجمەكردووەو له دەرگای خانەی وەرگێرانی داوەو زۆری چاوەروانی كردووه، وەك خۆی بەو بەیانه جوانەو لەو دیدارەو له رۆژه پیرۆزەی ئەو رۆمانەدا وتی:
پاش چاوەروانی زۆر خانەی وەرگێران وتیان ئێمه رۆمان چاپ ناكەین و تەواو، فەرموو له دەرگایەكی تر بده بۆ چاپكردنی، ئەویش دووباره رۆمانەكەی لەبەردەم دەزگای موكریانی له هەولێر داناوەتەوەو چاوەروانه، دیاره ئەوەش كاتی دەوێت. خەمەكه ئەوەیه ئەو زۆر خۆی لەسەر رۆمانەكه ماندوو كردووه، ئەو رۆمانەی خەڵاتی نۆبلی وەرگرت، دیاره شایستەبووه. كەواته بەرپرسانی حكومەتی هەرێم هەرچەندی زووه ئەو دەستنووسه چاپ بكەن و دەستخۆشی لەو نووسەره بەرێزه بكەن، كەوا پێش بینی باشی هەبووەو ئەو شاكارەی كردۆته كوردی، ئەوەش سەربەرزی و شانازییه لەو رۆژانەدا پێش وەرگرتنی خەڵاتەكەی له كۆشكی شاری ستۆكهۆلمدا ئەو رۆمانه بە كوردی چاپ ببێت و ئەویش بزانێت بەرهەمەكی كه دیاری و خەباته بۆ كوردەكانی باكووریش وا به زمانی كوردی لەلایەن نووسەرێكی كوردو لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان چاپكراوه.
گوناحه بەرهەمی وا ئەو دەزگاو ئەو دەزگا بكات و چاوەروان بێت. پرسیاره بۆ وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم و دەزگاكانی تر.